# بەرزو بەڕێز بێ یادی هاوڕێ مەرزییەی فەریقی ئەستێرەی گەشی ئاسمانی موسیقا و هونەری کوردی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هاوڕێ مەرزییەی فەریقی پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری کۆمەڵە بولبولی خۆش دەنگی چەوساوەکان, هونەرمەندی چاو نەترسی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان, دڵی لە لێدان کەوت و ئێمەی بەجێ هیشت, بەڵام یاد و ناو و سروودەکانی لە ناخی دڵی هەموو خەڵکی کوردستان دا جێگا و شوێنی تایبەتی هەیە و هەتا هەتایە لە ناوماندا دمێنێتەوە.

هاوڕێ مەرزییە بە ورەی پۆلاینی خۆی وە بە توانایی و لێهاتوویی خۆی توانی وەکوو ژنە کوردێکی شۆڕشگێڕ مووسیقای کوردی بەرێت بۆ ئاستێکی مۆدێرن و بەرابەریخوازانە و کۆڵنەدەرانە, هەر ئەو خالأنەش ئەوەندەی تر هاوڕێ مەرزییەی لە ناو خەڵکی کوردستان خوشەویستتر کرد.

ئێمە وێرای سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ئەو هوونەرمەندە بەڕێز و خۆشەویستە هیوای تەمەن درێژی بۆ کاک ناسری رەزازی و منداڵەکانی ئەو ئازیزە دەخوازین و دڵنیاین کە یاد و ناوی مەرزییە هەر زیندویە و هەر زیندو و بەرزیش دەمێنێتەوە.

کومەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران رێکخراوی مەڵبەندی ئەمریکا

www.komala.org